رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 1-7-2000 دا بڵاوبۆتەوە.. ژمارە 249 یەکشەممە 28-11-2010

سکرتێری حزب پیرۆزبایی لە سەرۆک تاڵەبانی دەکات

بەبۆنەی ئەوەی کە ئەندامانی پارلەمانی عێراق رێزدار مام جەلال تاکە کاندیدی گەلی کوردستانیان بۆ پۆستی سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ هەڵبژاردەوەو متمانەیان پێبەخشی، هەڵبژاردنەوەی بەڕێزتان هەم سەرکەوتنە بۆ خەڵکی کوردستان، هەمیش لێهاتووی و شایستەیی سەرۆک تاڵەبانی بۆ جیهانیان دەرخست، هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ بەڕێزیان و مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نارد.

دەقی پەیامەکە لە لاپەڕە 2 دا بخوێنەوە...

مەسیحیەکانی عێراق پشتیوانی لە پێشنیارەکەی سەرۆک دەکەن و دەخوازن پارێزگایێکی نوێ لە دەشتی موسڵ پێکبدرێ

سەبارەت بە کۆبوونەی هێزە مەسیحیەکانی عێراق کە رۆژی 26-11-2010 لە شارۆچکەی عەنکاوە بەڕێوەچووبوو، بەڕێز **رۆمیۆ هەکاری** سکرتێری گشتی حزبی بێت نەهرێنی دیموکراتی بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند کە 13 لایەنی سیاسی مەسیحی بۆ راگۆڕینەوە و دۆزینەوەی رێگەچارەیەک لەهەمبەر ئەو پەلامارو هێرشانەی کە لە شارەکانی عێراق بەتایبەتیش لە بەغدادو بەسرە دەکرێنە سەر مەسیحیەکان کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو هێرش و زۆرداریەی کە لە گەلی کلدانی، سریانی، ئاشوری دەکرێ، ریسوا کرا، پشتیوانی لە پێشنیارەکەی سەرۆک تاڵەبانی بۆ دروست کردنی پارێزگایێکی تایبەت بە مەسیحیەکان کراو جەختی لەسەر کرایەوە، داواکرا کە لەدەشتی نەینەواو پارێزگایێکی نوێ دروست بژکرێ، هەروەها بانگەوازەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ پێشوازیکردنی مەسیحیەکان لە هەرێمی کوردستان بەرز نرخێندرا، لە کۆتاییشدا بڕیاردرا کە لە داهاتوودا کۆبوونەوەکان درێژەیان پێبدرێ و هەوڵبدرێ لە رێی پەرلەمانی عێراق و حکومەتی بەغدادەوە خواستەکانی گەلی کلدانی، سریانی، ئاشوری جێبەجێ بکرێن کە ئێستا لەلایەن تیرۆریستانەوە کراوەتە ئامانج.

شەهرستانی، ناحەزە سەرسەختەکەی کورد بۆ جێگری سەرۆک وەزیران کاندیدا دەکرێ

حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوت کە لە ساڵانی رابردوودا وەک ناحەزو رەقیبێکی سەرسەختی هەرێمی کوردستان پێشاندراوە، ئێستا لەلایەن نوری مالکی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کاروباری وزە کاندیدا کراوە، ئەوەش بەو واتایەیە کە شەهرستانی ئەمجارەیان راستەخۆ پێوەندی بە نەوت و سامانە شروشتیەکان و کارەبا وە دەبێ. لەو بارەیەوە حەیدەر یاسری، لە لیستی دەوڵەتی یاسا بە ئاژانسی کوردستانی گوتوە کە شەهرستانی ئەو پۆستە قبووڵ دەکات بەو مەرجەی دەسەڵاتی یاسایی تەواوی هەبێ کە بتوانێ بە وردی بەدواداچوون بۆ کارەکانی هەردوو وەزارەتی نەوت و کارەبا بکات و بەپێی یاسا لە کەمتەرخەمانیان بپێچێتەوە، لەو رووەیشەوە گفتوگۆ لەنێوان مالیکی و شەهرستانیدا بەردەوامە.

وەزیرەکانی پێشوو دوور دەخرێنەوە

سەرچاوەکانی هەواڵ لە زاری حەسەن سنێد، ئەندامی لیستی دەوڵەتی یاسا ئاشکرایان کردوە کە کابینەی نوی حکومەت لە 38 وەزارەت پێکدێت و زۆربەی وەزیرەکانی پێشووش بەشداریان پێناکرێ.

سنێد گوتویەتی کە مالکی ناخوازێ وەزیرەکانی ئێستا کاندیدا بکرێنەوە، چونکە دەیەوێ نوێکاری لە وەزارەتەکان پێکبێ و رێ بە کەسانی شارەزاو تەکنۆکرات بدرێ، هەر بەوهۆیەشەوە داوای لە لیستەکان کردوە کە پاڵێوراوی لێهاتوو بۆ وەرگرتنی پۆستەکان دەست نیشان بکەن.

هەر لەو پێوەندەدا حەسەن سنێد گوتویەتی کە کە هیچ کام لە حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوت و باقر جەبر سۆلاغ وەزیری دارایی و هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوە خزیر خەزاعی وەزیری پەروەردە پۆستی پێشوویان پێنادرێتەوە.

هەر لەپێوەند بە پێکهێنانی کابینەی نوێ، سەرچاوەکان ئاشکرایان کردوە کە لیستی ئەلعێراقیە داوای وەزارەتی دەرەوە، لیستی کوردستانی داوای وەزارەتی دارایی، سەدریەکان داوای وەزارەتی ناوخۆ، لیستەکانی دیکەش داوای وەزارەتی سیادیان کردوە بەڵام باوەڕناکرێ کە داوای هەموو لیستەکان جێبەجێ بکرێن.

سەرچاوەیەک بە رۆژی گەلی راگەیاند کە لیستی گۆران بە وەزیرێک بەشداری لە کابینەکەی مالیکیدا دەکات.

رۆژەڤ

زەقبوونەوەی کێشەی نێوان هەردوو کۆریاو دەست نەپاراستن لە تۆپبارانکردنی خاکی یەکتر و بێباکبوون لە خوێنڕشتن، وێڕای ئەوەی کە سەردەمی جەنگ و نەهامەتی وەبیر دێنتەوە، ئەو راستیەش دووپات دەکاتەوە کە هێشتا کەشتی هێمنایەتی مرۆڤایەتی لە باوەشی شەپۆلە سەرشێتەکانی دەریای پاوانخوازیدا لێدەخوڕێ و زۆری ماوە تا لە بەندەری بێوەییدا لەنگەری بگرێ.

هەرچەندە کە مۆتەکەی جەنگ لە نێوان هەردوو کۆریە دا خۆی مەڵاس داوە، بەڵام چونکە جیهان لە هەڕەشەو مەترسیەکانی شەڕی نێوان دوو دەوڵەت زیانی زۆری بەرکەوتووە، باوەڕ ناکرێ کە هەروا با ئاسانی رێ بە بەرپابوونی جەنگێکی لەو جۆرە بدرێ.

ئازادیخواز و ئاشتیخوازانی جیهان خوازیارن کە رێ لەهەنگاوەکانی جەنگ بگیرێ و زمانی چەک قوت بکرێ، بەڵام سەرمایەدارو چەکفرۆشان ختووکەی هەردوولا دەدەن و دەیانەوێ چەکە کۆنەکان لە کۆڵ خۆیان بکەنەوەو چەکە نوێکانیشیان تاقی بکەنەوە.

ئەمریکا و زۆرێک لە وڵاتانی چەکفرۆش دووچاری قەیرانی ئابووری هاتوون، پێویستیان بەوە هەیە کە دەرگەی بازاڕی چەکفرۆشتن بخەنە سەر پشت و گیرفانی دیتران ببڕن و دایانبدۆشن، هەر ئەوەش بۆ ئەنجامدانی مانۆری سەربازی هەمەڕەنگ لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا هاندەرێکی بەهێزو پیادەکراوە، بۆیە هەر لە ئێستاوە ئەرکی ئازادیخوازانە کە نەفرەت لە شەڕانگێزو شەڕخوازان بکەن و پیلانی چەکفرۆش و مرۆڤکوژان لە قاو بدەن و ریسوایان بکەن. ئەرکی کەسانی ئاشتیخوازو هێزە پێشڤەڕۆکانی کوردستانیشە کە شان بە شانی ئاشتیخوازانی جیهان دەنگی ناڕەزایی دژ بە جیهانی سەرمایەداری بەرزبکەنەوە

ویکیلیس پەیوەندی نێوان ئەمریکاو وڵاتان دەشێوێنێ

دەوڵەتی ئەمریکا نیگەرانی خۆی سەبارەت بەو بەڵگانە دەربڕی کە بڕیاروایە ماڵپەڕی ویکیلیس لە رۆژانی داهاتوودا بڵاویان بکاتەوە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نیگەرانی خۆی سەبارەت بەو شەرمەزاریە پێشاندا کە بەهۆی بەڵگەکانەوە لەسەر ئاستی دیبلۆماسیدا ئاشکرا دەبەن، چونکە لەو بەڵگانەدا وشەی نەشیاو بۆ کاربەدەستانی هەریەکە لە روسیە، بەریتانیا، کانادا، ئیتالیا، سوێد، نەرویژ، دانمارک و زۆربەی وڵاتانی دیکەی جیهان بەکارهێنراوە، کە ئەوانیش پێوەندی باشی دیبلۆماسیان لەگەڵ ئەمریکادا هەیە.

دەگوترێ لە بەڵگەنامەکاندا زمانی دیبلۆماتێک بەکار نەهێنراوە کاتێک کە کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوە راشکاوانە باسیان لە وڵاتان و بەرپرسەکانیان کردون، بۆیە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێیوایە کە ئەگەر ئەو بەڵگەنامانە بڵاو بکرێنەوە پێوەندی نێوان ئەمریکاو زۆرێک لە وڵاتە هاوپەیمانەکانی دەشێوێ، لەوانەیە بەرەو ئاقارێکی دیکە بڕوات.

بۆ بەرگرتن لە نیگەرانی و تورەیی سەرۆک و بەرپرسانی ئەو وڵاتانە هەر لە ئێستاوە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کەوتۆتە خۆ و پۆزش و پاساویان بۆ دەهێنێتەوەو داوای بوردنیان لێدەکات.

چارەسەری پرسی کورد لە نێوان گویل و بایدەمیردا

3ل

خەڵاتی پاش دەست پێشخەریەکەی بارزانی

5ل

من جیاوازم نیشانگەرێکی راست نیە

6ل

شەقامی کوردی و دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ

7ل